کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-4-2007 0:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سیمفۆنیای عەشقێکی جوان.. !!. م. حەمید عەزیز

ماڵی عومرم ڕما کە ڕۆی دوولبەر لەم غوربەت و بیابانە
باخی دڵم ووشک و سیسە بێ ئەو زووقم و شەختەم لەم ژیانە
قورس و تاڵ و تاریکە ئەم ژینە شیرینە بێ ئەو
ژین و بوونم نی یە ئەو لە ڕۆحما نەبێ هیچە باسی ئەم دەورانە
زەمانێ بوو هەرگیز گووڵی سووری عەشقم لە بەرۆک نەدەهاتە خوار
ئێستا ڕەش پۆش و قەرەجم لە مەنفا کووشتمی قەهرو داخی ئەم زەمانە
عەیامێ بوو شاد بووم لێوان لێوی ژیان مەست بووم لە نیگا جوانەکانی ئەو
کە ئەیزانی منم ڕێبوار کراوە بوو هەردەم دەرگای دڵی بێ باکانە
بەسەرچوو ناسکی و جوانی تەمەن ئەمڕۆ نۆبەتی کۆچان و گاڵۆکە
بۆیە شەیدا بووم بە دوێنێ ئەمڕۆ بێ دۆستە ئەم تاڵە سپیانە
سیمای چرچ و لۆچ و تاریکم مەبینە ئەی عەزیزی ڕۆحی من
وەرە سەیری دڵی شەیداو سپیم کە کە چەند عاشقە بەو دوو چاوانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.